هونەرمەند علی زەندی:

## ئێمە ئەگەر لە کولتووری خۆمان دوور بکەوینەوە ون دەبین!

**ئامادە کردنی:ئامانج کولیایی**

**«کاک علی زەندی، هونەرمەندی ناسراوی کورد، گۆرانیبێژ و مامۆستای فێرگەی ساز و ئاواز و سولفژی فولکلۆری کوردی، لە دایك بووی 1956ی ناوچەی لەیلاخی رۆژهەڵاتی کوردستانە وئێستا لە باشووری کوردستان خەریکی چالاکی هونەری و سیاسییە»**



هونەرمەند عەلی زەندی

***هونەرمەند علی زەندی کێیە؟**

**عەلی زەندی: منیش بە سوپاسێکی زۆرەوە لە ئێوەی ئازیز، پێشمەرگە کۆڵنەدەرەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، ئازیزگەلێك کە ساڵهای ساڵ بوو ئارەزوم بوو لە نزیکەوە بتانبینم. ژیاننامەی من زۆر دوور و درێژە و دەبێ زۆر کورتی کەمەوە. ناوی‌من ، عەلی زەندی ،کوڕی ئەسەدوڵڵا، ناسراو بە میرزا ئەسێ، لە ئەسەڵدا خەڵکی ناوچەی لەیلاخم. لەیلاخی چەپ لە سەڵەواتاوای شاری سنەوە بە دەستی راسدا دەڕوا تا نزیك بە کولیایی و سونقور و لای دهگولان و قوروە. لەیلاخی راست دێتەوە بۆ دەوروبەری بیجار و دیواندەرە و شاری سنە و حسەین ئاوا و دەستی چەپی لەیلاخ، یانی لەیلاخی سەرۆ و لەیلاخی خوارۆ من خۆم خەڵکی ئەو ناوچەیەم. بەڵام هەر لە منداڵییەوە ماڵی بابم هاتووتە شاری سنە و تەواوی دەورانی دەرس خوێندنم لە شاری سنە بوو، تەحسیلاتیشم هاوکلاسی مامۆستای دەنگ خۆشی کورد، کاك ناسری رەزازی بووم. ئێمە چوار پێنج ساڵ لەنێو یەك دەبیرستان بە نێوی دەبیرستانی بۆعەلی لە شاری سنە بووین لە گەڵ یەکیشدا ساڵێ بەر لە شۆڕشی ئێران دیپلوممان وەرگرت پاشان ئەو شەڕ و شۆڕە لە کوردستاندا پێش هات و لەو دەورانەدا من لە تەواوی بنکەکان و مەقەڕەکاندا بەشداریم دەکرد و پێم خۆش بوو رێبازی خۆم بناسم و لە دژی داگیرکەردا خەبات بکەم. بۆیە ئعلامییەی سازمانەکان ئەو کات وەکوو چریکهای فیدایی خەڵك، موجاهدین خەڵك، پەیکار، کومەڵە و حیزبی دیمۆکراتم دەخوێندەوە بۆ ئەوەی رێگەی خۆم بناسم و بتوانم لە گەڵیان پێوەندی بگرم و هەرچەند کە ئەو شتە کە لە دڵی خۆمدا بوو لە کەم شوێندا و لە کەم جێگەدا دەمبینی. بۆ نموونە لە کەم حیزبدا من ئەمدی کە ئاماژەیەك بە سنووری کوردستان بکەن. یان لە کەم سازماندا ئەمدی کە ئیشارە بە ئەوە بکەن کە کوردیش دەبێ ئاڵایەکی هەبێ، جوغرافیایەکی هەبێ و لەو دەورانەدا ئاگاهی سیاسیم بردە سەر و رێبازم ناسی. پاشان لەو دەورانەدا بە بۆنەی هات و چووی ماڵی خەزۆرم کە لە مهابادە و ئەو پێوەندییە بنەماڵەییە بووە هۆی ئەوەی من زۆرتر هات و چۆی سنە و مهاباد بکەم و شارەزای هات و چۆی باشووری کوردستان بم و بڕیارم دا کە بە شوێن ئامانجەکانم بڕۆم. چوومە سلێمانی و لەوێ لە ساڵی91 و**

90 دا ماوەی چەند مانگێك مامەوە و دیتم هێشتا ئەو هەلە پێش نەهاتووە بە ئازادی کاری فەرهەنگی و هونەری بکەم. دیسان گەڕامەوە و تووشی زیندانی بووم. پاش ئازاد بوونم چوومە تاران لەوێ ماوەیەك مامەوە و دیتم هەر دڵم ئارام ناگرێ، هەر دڵم بۆ کوردستان لێ ئەدا و بە ئەوەی کە دەردیسەرەکانی زۆر بوو گەڕامەوە. پاشان زۆر لە هاوڕێیان و دۆستانم هەوڵیان دا کە لە کەناڵی سازمانەکانەوە بڕۆم بۆ ئورووپا و ئامریکا، بەڵام بە حەقیقەت هەرچەندم کرد دڵم رازی نەبوو و ئیحساسم دەکرد، ئەگەر من لە میللەتەکەی خۆم، لە رەنج و مەینەتیان دوور کەومەوە، سۆزە و دیالۆگم بۆ هونەر نامینێ، دیارە هونەرێك هونەرە کە لە نێو دڵی خەڵکدا بێ. مامەوە و نەمدەویست وڵاتی خۆم بە جێ بهێڵم ئەگەر ئێمە دوور کەوینەوە لە وڵات هیچمان پێ ناکرێ. ئەوە ئێستا کچێکم لە کانادایە هێشتا دڵم نەهاتووە یەکجاریش تەنانەت بۆ سەردان بڕومە ئەوێ. بەو بۆنەوە هەر مامەوە و هەڵسوڕان و چالاکی هونەری خۆمم درێژە پێدا و بڕیارم داوە کە وەکوو وەسیەتێك لە سەر شانی پێشمەرگەی یەکێتی شۆڕشگێڕانە، ئاڵای کوردستان لە سەر تەرمم، لە هەر شارێك و هەر دێهاتێك و هەر بستە خاکێکی کوردستان کە بنێژرێم جیاوازییەکی لای من نییە.

ماوەی چەند ساڵێك لە ترکیە و یونان و ئیتالیا مامەوە ولەو شوێنانەش هەرچەندم کرد دڵم دانەمەزرا و گەڕامەوە کوردستان. نیازم هەیە بیرەوەرییەکانی خۆم لە کتێبێکدا بە نێوی ژیانی من علی زەندی بنووسمەوە کە تەواوی ژیاننامەکەمی تێیدا بێت. پێموایە بە ئەندازەی چەند جارێکی ژیانی ئاسایی هەر کەسێك رووداو و بیرەوەرییم هەیە.

* کارە هونەرییەکانتان چی بوون؟

عەلی زەندی: یەکەمین بەرهەمم دەگەڕێتەوە بۆ بیست ساڵ لەمەو پێش کە بە دەعوەتی دڵسۆزێك بە نێوی کاك حسەین حەسەنی ناسراو بە"حسەین ئامنە" کە خاوەنی تۆمارگەی شاعێرانی کورد لە شاری سنە بوو، بە ئامادە بوونی کاك "رەشید فەیزنژاد" لە زستانی 1363ی هەتاوی، شریتی ژمارە یەك بە نێوی"باغی ژین"م تۆمار و بڵاو کرایەوە، پاشان ژمارەی 2 تا 10 لە گەڵ تیپی موسیقای جۆرواجۆر وەکوو وەنەوشە، دیوان، نەغمە، کوردستان، وەفایی، مەولەوی، جەزیری و هێندێکی دیکە کە تا ساڵی 1384، شریتی دیکەم تۆمار کرد و هەتا ئێستا لەو بیست ساڵەدا توانیمە 12 شریت و 4 سیدی ئامادە و لە نێوی خەڵکدا بڵاو بکەمەوە و زیاتر لە 20 تا25 کۆنسێرتم لە شارەکانی، ئەیوان، ئیلام، کرماشان، تاران، سنە، سەقز، مهاباد، ورمێ، بەڕێوەبردووە و هەر کۆنسێرتێکیش لە سێ شەو کەمتر نەبوو. لە شاری سنە، مهاباد و ورمێ، لە چەندین فێرگەی موسیقا، کلاسی ساز، ئاواز، سولفژ (نۆت نووسین و نۆت خوێندن)م هەبووە و لە هەر شار زۆرتر لە 50کەس قوتابیم هەبووە کە لەو ئازیزانە ئێستا 30 کەسیان، خۆیان کاری فێرکردنی موسیقا لە فێرگەکان دەکەن. یانی لە سەرجەمی دەورانی هونەریمدا، کاست، سیدی، کونسرت، فێرکردن، کاری من بووە.

* لە سەر دۆخی هونەری گۆرانیوتن لە رۆژهەڵاتی کوردستان چی دەڵێن و چۆن هەڵیدەسەنگێنن؟

عەلی زەندی: دەگەڕێتەوە بۆ بناغەی هونەری و فەرهەنگی ئەو ناوچەیە، لە بەر ئەوەی لە لایەن ئەو حکومەتانە کە بە شوێن یەکدا هاتوون نەتەنیا لایەنگری و پشتگیری لە فەرهەنگ و هونەری ئەو ناوچەیە

نەکراوە بەڵکوو لە زۆر جێگەدا بۆ نابوودی و لە ناو بردن و جێگیر کردنی فەرهەنگی بێگانە تێکۆشاون، بەڵام بەختەوەرانە بە شێوازی رەسم و یاسا و فۆلکلۆرێك لە نێو دڵی خەڵکدا ماوەتەوە و لەبەر ئەوەی لە ئاستێکی ئاکادمیدا ئەو هەلە هەڵنەکەوتووە کە کاری هونەری زانستیانە بکرێ.

بەداخەوە هەر لە چوارچێوەی موسیقایەکی عادیدا ماوە و زۆربەی هونەرمەندان زۆرتر دووپات کردنەوە و چاولێکەری (تەقلید)یان کردووە. بەڵام لەم دوودەهەی ئاخردا سەرهەڵدانێکی زانستیانە بەتایبەت لە شاری سنە خۆی نواندوە و ئێستاش بەرەو پێش دەڕوا و ئەگەر بەم شێوەیە شارەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە بەر بگرێ داهاتوویەکی باشی دەبێ و ئەمن زۆر دڵگەرمم بەوەی کە زۆر لە لاوان و گەنجان سەریان لە زانکۆکانی موسیقا دەر هێناوە، جا ئەوە بارودۆخێکی باش لە ناوچەکە دەق دەگرێ و دڵنیام ناکوژێتەوە.

*** کاك عەلی لە 60ەکانی هەتاویدا (80کان) جموجۆڵێك لە سنە کرا بۆ گەشەپێدانی کاری هونەریی. لە کارەکانی ئەو ساڵانە چیتان لە بیر ماوە.**

عەلی زەندی: لەو ساڵانەدا کە ئاماژەدان پێکرد ئێمە نووسراوەیەکمان هەبوو بە نێوی رێگای مێژوو. چوار چێوی نووسراوەکە سەبارەت بە باسێکی قووڵی مێژوویی و نەتەوایەتی بوو لە سەر پارچەکانی کوردستان بە تایبەتی زاراوە جۆراوجۆرەکانی. پێوەندییەکی نهێنیمان لەگەڵ باتمانییەکانی کامیاران و کاکەییەکانی کرماشان و ئەلحەقییەکانی گەهوارە و کرند بەتایبەتی رێنوێنییەکانی مامۆستا سەیدخەلیل گەهوارە و هەروەها حەیرانبێژانی موکریانی و لاوێك بێژانی هەرکی و شکاك و هورەچڕانی کەلهوڕی و ئەوانەی کە بە سیاچەمانەی جاف دالاهۆ و هەورامان شارەزا بوون، ویستمان بە شێوازێکی ئاشکرا لە کەناڵی موئەسسەی مۆشکات (مُشکاة) لە تاران بە شێوازی رەسمی و یاسایی بڕیاری شێوازە هونەرییەکان و رەسم و عورفەکانی کوردەواری و کولتووری وەکوو: هەڵپەڕکێ، گۆرانی، نووسراوەی ئەدەبی، شانۆ، پەندی پێشینیان بکرێتەوە و بەتایبەت سەرچاوە نەتەوایەتیەکەی پڕڕەنگ بکەینەوە. قەوڵ و قەرارێك بە ئێمە درا و ئێمە یەکەمین شانۆی پانتومیم و هەڵپەڕکێ تەلفیقی شێوەکانی گشت کوردستان و گۆرانی رەسەنی کوردی بۆ یەکەمین جار بردە سەر سەکۆی سینەمای شاری سنە. جەماعەتێك لە شاعێران وەکوو: کاك مەحەمەدی رۆستەمی، کاك جەلالی مەلەکشا، کاك تەوفیق ئیبراهیمی، کاك لوقمان رەحیمی، کاك فەرەیدوون ئەرشەدی و هێندێکی دیکە لەو ئازیزانە کە ناویان لە بیرم نەماوە، لە قاڵبی شەوی شێعردا بەشدارییان دەکرد و لەو پەڕی پێشوازییەوە سێ شەو ئێمەیان گوڵباران کرد. زۆر بەداخەوە دەزگای ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بەو کارە زۆر ئاڵۆز بوو و هەموومانی تووشی گیروگرفت و زیندانی کرد. بەڵام ئێمە کاری خۆمانمان کرد و پردمان شکاند و رچەمان دانا و ئێستاش هەر چەند بە تەواوی ئازاد نییە بەڵام حکومەت مەجبوور بوو دان بە بەشێکی زۆر کەم لە مافیچالاکی فەرهەنگی و کولتووری نەتەوایەتییەکانی میللەتی کورد لە رۆژهەڵاتیوڵات دابنێ.

*** ئێستا کە باشووری کوردستان رزگار کراوە و هونەرمەندانی ئەوبەشە ئازادی ئەوەیان هەیە کە بتوانن بەرهەمی سیاسی نەتەوایەتییان هەبێ چ ئەرك و وەزیفەیەکیان هەیە لە بەرامبەر برا کوردەکانیان لە پارچە داگیر کراوەکانی دیکەی کوردستان؟**

= عەلی زەندی: دیارە دەگەڕێتەوە بۆ سەرینی ئەندامەکانی یەك میللەت کە بە هەر شێوەیەك هەر ئەندامیك، هەر کوردێك، ئەرکی تایبەتیی بەرامبەر نەتەوەکەی لە سەرە. جا دەبێ هەر کەس رێگەی خۆی بناسێ و بتوانێ وەزیفەکانی خۆی جێ بەجێ بکا. ئێمە دەبێ، بە یەك دڵی ئەوەی کە لە دەسمان دێ ، هەر کەس بە هەر شێوەیەك ئەرکەکانمان جێبەجێ بکەین و ئەمە خۆی دەبێتە زنجیرەیەك لە تەواوی کوردستان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان و ئەوەیش دیارە تا هەوڵ نەدەین، تا تێ نەکۆشین، تا لەو رێگایەوە خوێن نەدەین، تا ماڵ و منداڵ و لەزەتەکانی ئاسایی ژیان و ئەو شتانەی کە ئەمڕۆ باوە، فیدا نەکەین، ئازادی بەدەست نایە ومن وا دەزانم بە یەکگرتووی بە یەکڕەنگی بە یەکدەنگی بە فیداکاری بە لەخۆبردوویی بەو ئاواتە دەگەین کە جەنابت ئاماژەت پێکرد.

*** جەنابتان لە ناو بەرهەمەکانتان زۆرتر شێعری کام شاعیری کوردتان کردوەتە گۆرانیی؟**

عەلی زەندی: من لە بەر ئەوە کە کوردستانم زۆر خۆش دەوێ، لە بەر ئەوە کە ئەو هەستی ناسیونالیستیە هەر لە منداڵییەوە لە بیری مندا بوو و باوەڕم ئەوە بۆ کەسێ کوردە کە باسی زماندەکرێ دەبێ بە سەر تەواوی زاراوەکانی کوردی وەك کرمانجی و سۆرانی و هەورامی و کەلهوڕی و لەیلاخی و... هتد، زاڵ بێت و بەش بە حاڵی خۆی بزانێ. بەو بوونەوە من لە بەشی کرمانجیدا زۆر لە شێعرەکانی فەقێ تەیران و مەلای جەزیری کەڵکم وەردەگرت و لە بەشی سۆرانیدا لە شێعرەکانی مامۆستا هەژار و مامۆستا هێمن و مامۆستا ساڵح دیلان و مامۆستا ئەحمەد هەردی و بەتایبەت لە شاعێرانی نوێ کاك جەلالی مەلەکشا کە بەڕاستی قەڵەمێکی بەهێزی هەیە، کاك تەوفیقی ئیبراهیمی کە پێموابێ ئێستا لە شاری سنە بێ، کاك رەحیمی لوقمانی لە شاری سەقز، کاك رەش ئەحمەدی و کاك شەپۆل لە شاری مهاباد، شامی هەرسینی لە کرماشان، کتێبی کوچە باغیهای مامۆستا پەرتۆ کرماشانی، لە بەشی لەیلاخیشدا لە کتێبی حامد ئالیجانی لەیلاخی، لە بەشی هەورامی لە کتێبی سەیدی هەورامی و نەمر مەولەوی کورد، لە بەشی کەلهوڕیشدا زۆربەی لە شێعرەکانی فۆلکلۆری ناوچەی کرماشان و ئیلام کەڵکم وەردەگرت.

*** ماوەیەك لەمەو پێش یەکێك لە ئەندامانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بە نێوی کەمالی ئەسفەرەم، ناسراو بە شوانەی سەید قادر لە ناوخۆی وڵاتدا بەدەستی هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید کرا. بە دوای ئەو رووداوەدا نا راپەڕینێك ساز بوو کە هەموو کوردستانی گرتەوە. ئایابە تەمانێ بەرهەمێك لە سەر ئەو رووداوانە دابنێنن؟**

عەلی زەندی: من ئەوەم لە بەیاننامەکانی کۆمیتەی ناوەندی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان خوێندەوە زۆر بە حەسرەت و داخەوە کە شۆڕشگێڕێکی ئاوا لەو تەمەنەدا بە دەستی جەلادانی حاکمیەتی کۆماری ئیسلامی تێیدا چوو و نەتەنیا ئەو، بەڵکوو هەزاران جەوانی ئاوا، هەزاران گەنجی بەو جۆرە، چ لە پێیش و چ ئێستاش خەریکن تیرۆر دەبن، لە بەین دەچن و لە ماکووەوە هەتا ئیلام و لە چوارپارچەی کوردستان.

دوژمنانی ئێمە دەسیان داوەتە یەك بۆ کورد کوشتن. من نەمدەتوانی لە وڵاتەکانی دیکە وەکوو تورکیە و ئێران بە ئازادی دابنیشم و لە وەسفی ئەو شەهیدە گەورە بەرهەمی تازەی شۆڕشگێڕانەم وەکوو سروود هەبێ، بەڵام لێرە زۆر خوم بە بەختەوەر دەزانم لەژێر سێبەری ئاڵای کوردستاندا لە ریزی خەباتکارانی یەکێتی شۆڕشگێڕاندا، شێعر و مەقامم ئامادە کردووە کە یەکێك لەو شێعرانە شێعری کاك ئاگرین "جەهانگیری غەفاریی"ە، هەڵمان بژاردووە و دامان ناوە کە بەم زووانە، بۆ یادبوودی ئەو شەهیدە خوشەویست و نەمرە و ئێجرای بکەین. و مەقام و تەسنیفێکی بەرز لە هۆنراوەی مامۆستا ئەحمەد خالدیان شاعیری شۆڕشگێڕ هەڵبژاردوە و دەیخوێنم.

* داهاتووی رۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەبینن؟

= عەلی زەندی: زۆر خۆشبینم و داهاتوو لە رۆانگەی منەوە رووناکە. من ئەو رووناکییە ئیحساس دەکەم کە ئەگەر ئێمە ئاوا برۆینە پێشەوە و یەکدڵ و یەکڕەنگ بێین و بتوانین ئەو گیر و گرفتانە لە پێش پێی خۆمان لابەرین و سەیقەڵی زۆرتر بخەین. وەکوو نموونەیەك کە جەواهر لەعل نێهرۆ لە کتێبێکدا باسی دەکا و دەڵێ: بەردێك کە لە سەر شاخ دێتەخوارێ و دەکەوێتە ناو چۆم و رۆبارێ ئەو بەردە ئاو دەیبا هێندە تلواتل دەخوا و هێندە ئاو لێیئەدا هێندە ئەم شان و ئەوشان دەکات تا زاویە و ناهەمواریەکانی خۆی لە دەس ئەدات و ساف دەبێ. تاڵی و سوێرییەکانی دەورانی خەباتمان بووتە هۆی سەیقەڵ خواردنمان، خەریکە شکڵ و جێگە ئەگرین. هەستانی ئێمە بووەتە هۆی ئەوەی تازە دانەمرکێین و نەکەوین، تازە ئاڵای ئێمە ناکەوێ. ئەمن زۆر خۆشبینم و زۆریش سەرکەوتووی دەبینم.

* با جارێکیتر بگەڕێینەوە بۆ رابردوو

عەلی زەندی: ئەوەندە شت هەیە دەڵێی حەفتامەنەکەی مەولانای مەسنەوییە، منیش ئەگەر دابنیشم بیرەوەرییەکانی خۆم بگێڕمەوە پێم وایە ئەگەر لە حەفتامەنەکەی مولانای مەسنەوی زۆرتر نەبێ، کەمتر نییە. ئەوەی کە زۆر کورت لە سەری باس بکەم ئەوەیە کە ژیانی منیش پڕبووە لە دژوارییەکان و کەم وکوڕییەکان و زندانی و دەربەدەری و ئاوارەگی و زۆرشتی تر.

لە ساڵی 69 –68 نزیکەی 17 تا 15ساڵ لەمەو پێش یەکەمین کەسێك بووم لەگەڵ ئازیز، کاك بەهادین موشیرپەناهی کونسرتێکی مۆسیقیمان ساز کرد و گۆرانی کوردیمان بردە سەر شانۆ و تا ئەو دەم لە شاری سنە سروودی ئیسلامی و ئەو شتانە دەخوێنرایەوە. بەڵام ئێمە یەکەمین کەسێك بووین کە توانیمان ئەو پردە بشکنین و پاش ئەوە توشی زیندان بووین، دوایی هەر لە دەورانی لاویەتیدا لە زەمانی حکومەتی شا کە من نووسراوەی کوردیم دەنووسی و لە ناو دەبیرستاندا بڵاوم دەکردەوە و لە سەر ئەوەیش زیندانی کرام. پاش ئەوەی کە من هاتمە سلێمانی نەوارم تۆمار کرد و گەڕامەوە بە نێوی بەزاندنی سنوور گیرام و دیسان تووشی زیندان بووم. زۆر مەسایلی ئاوا بەسەرم هات و پاشان هەڵاتن بۆ دەرەوەی وڵات وەك تورکیە و یونان و ئیتالیا. دوایە هاتمەوە بۆ هەولێر و سلێمانی و پاش ماوەیەك دیسان بە قاچاخ گەڕامەوە ئێران و ماوەی ساڵێك لە چەند شارێکی ئێران بە قاچاخ مامەوە. کەس جێگا و رێگای منی نەدەزانی و من شارێ کە زێدی خۆم بوو لە 1374ی کۆچی هەتاوی تا ئیستا، یانێ دە ساڵە بە چاو نەمدیوە و نەمتوانیوە بە ئازادی

بڕومەوە سەر لە کەس و کارم بدەم و کەس وکارم ببینم، ئەوەش بیرەوەرییێکە کە بە بارتەقای تەواوی تەمەنم رووداوی تێیدایە.

* پێشمەرگە لە روانگەی جەنابتانەوە؟

عەلی زەندی: هێند ناوەکەی بەرزە، هێند مەزنە کە بەڕاستی ئەگەر تەواوی نێوەکانی دنیا بەش بکەی و نێوی بنێن ئەفراد و ئەشیاء ، لە نێو ئەو هەموو ئەفراد و ئەشیایەدا نێوی پێشمەرگە نێوێکی جیاواز و نێوێکی شاخسە، نێوێکە کە وەك غونچە گوڵێك لە باغستانێك، وەك کوڵێك لە گەنمی سەرداریيە، بەڕاستی نێوی بەرزە و لە دڵی خەڵکدا جێگەی گرتووە و زمانی منیش عاجز و ناتەوان، باس لە گەورەیی و مەزنی کەسایەتی پێشمەرگە بکەم. بەڵام ئەگەر ژیانی سەربەرز بە مانای واقعی و حەقیقی مەفهومێکی هەبێ، بۆ من یانێ ژیانی ئەوانە کە بە پێشمەرگایەتی تەمەنی خۆیان، گیان و ماڵ و ئاوات و ئارەزو و خەونەکانیان فیدا دەکەن. لە لەکۆدا بۆ من ئەوەیە، ئەگەر ئیمە ئەو رزگاریی و ئازادیی و دیمۆکراتییەی کە بە دەستی دێنین لە سێبەری دەست و چەکی پێشمەرگەوە و لە سایەی، تەفەکوری پێشمەرگەوە و غیرەتی پیشمەرگەوە، بەدەست دێت. ئەگەر ئەو لە ئارادا نەبێ ئەو سەروەرییەش شتێکی بێ مانا و بێ مەفهومە کە جێگەکەی بە پێچەوانەوە پڕ دەبێتەوە لە بێغیرەتی و تەواوی مەنفیەکانی جیهانی هەستی.

* چی بووە هۆی ئەوەی خەباتی سیاسی بکەن؟

= عەلی زەندی: ئەمن لە تەمەنی خۆمدا هەمیشە بۆم پرسیار بوو ئایا هونەر لە گەڵ سیاسەتدا تێکەڵاو بێ یان جیاواز و بە تەجربەی خۆم، بووم بە ئیسبات گەیشت کە ئەگەر هونەر ئامانجی نەبێ، خەتی نەبێ، دیارە هونەرێکی بێ مەفهومە. لە دیدگای منەوە هونەرێك کە زانیاری سیاسیی تێیدا نەبێ ناتوانێ ئامانجەکانی روون کاتەوە، ناتوانێ بەرهەمێکی بەکەڵکی هەبێ و ناتوانێ دڵی خۆی رازی بکا. دیارە دەبێ لە تەنیشتی رێبازێکی دروستدا، خەت و مەشیێکی راستەقینە بۆ چالاکیی هەڵبژێرێ. بەو بۆنەوە ئەمن هەر لە دەورانی لاویەتیمدا، مەسەلەی نەتەوایەتی لە بیری خۆما مەترەح بوو و بەو بۆنەوە زۆر سزام کێشا، زۆر گیروگرفت بەسەرمدا هات، چ لە دەورانی حکومەتی شا، چ لە دەورانی حکومەتی خومەینیدا، چ لە دەورانی جۆرواجۆری ژیانمدا، وام هەست دەکرد کە دەبێ سازمانێك یان حیزبێك هەبێ کە لاینگری و پشتیوانی لە من بکا تا ئازادی ئەوەم هەبێ کاری هونەری بکەم. بەو بۆنەوە زۆربەی شێعرەکان و مەقامەکانی من پڕاوپڕ بووە لە گرایشاتی سیاسی، پڕ بووە لە شێعرهایەکی تیژ و باوڕدار. ئەوانە بووە هۆی ئەوە کە بە شێوازێك ئازادانەتر و یەکلایەنەتر خۆم یەکدڵ کەمەو، لە یەك شوێن بگرسێمەوە، لە تەنیشتی کاری هونەریم بتوانم تێکۆشانی سیاسی و چالاکی هونەریی شۆڕشگێڕانەشم هەبێ. ئەوە بووە هۆی ئەوە کە من بڕیارم دا کاری سیاسی بکەم.

* چۆن یەکێتی شۆڕشگێڕانتان ناسی؟

عەلی زەندی: من لە پێشدا لە ساڵی 93- 92 کە یەکەمین جار هاتمە سلێمانی بۆ تۆمارکردنی کاستێك لە تۆمارگەی خەیام، شەوێك باسمان لە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کرد، وتیان کە چەند سازمان و حیزبی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە سلێمانی و هەولێر هەیە و ئەو دەم کە بۆ من دەیگێڕاوە دەیگوت رێکخراوێك بە

ناوی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بە ڕێبازێکی تازەوە دوو- سێ ساڵە دەستی بە کار کردووە و ئەمن هەر نێوەکەیم بیست کە بە داخەوە ئەو دەم نەمتوانی پێوەندی لەگەڵ بگرم کە بۆم جێگەی داخ بوو. لە نێوخۆی وڵات ئاگاداری چالاکییەکانی بووم و بە حەسرەتەوە بووم بیناسم و پێوەندیی لەگەڵ بگرم. تا دوو ساڵ لەمەو پێش لە ساڵی 2003 دا کە بۆ کارێك هاتم بۆ هەولێر و جەماعەتێك لە دۆستان باسیان کرد، گوتیان کە بنکەی پێوەندییەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە هەولێر هەیە. زۆر بە ئاوات بووم لە نزیکەوە بیبینم لەبەر ئەوی پێم خۆش بوو لە نزیکەوە بیانناسم. چۆن لە گەڵ زۆر جەماعەتدا بووم بەڵام هیچ سازمانێك دڵم ئۆقرەی تێیدا نەگرتوو و نەمتوانی ئەو ئارامشە لە خۆما ببینم. بەو بۆنەوە لە پارێ کە هاتم بۆ بەڕێوەبردنی بەرنامەیك لە سەتەلایتی کوردستان ، پاش پێشکەشکردنی بەرنامەکە بە بۆنەی خۆشەویست و هونەرمەند، کاك بەهادین موشیرپەناهی کە خۆشی ئەندامی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانە، پێوەندیم لەگەڵ گرت.

* بۆ یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانت هەڵبژارد؟

عەلی زەندی: ئەمن هەر لە منداڵییەوە زۆر ئاواتی ئەوم لە دڵدا بوو کە گرووپێك هەبن بتوانن ڕۆژێك ئاڵای کوردستان دابنێن، گرووپێك هەبن لاینگری لە ئاڵای کورستان بکەن، دەستەیەك هەبن کە بەشی نەتەوایەتی کوردەواری کوردستانمان زیندوو بکەنەوە، کەسانێك هەبن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ڕاستەقینەی نەتەوە و ونیشتمانەکەمان تێبکۆشن و بۆ ئەوەی تا پێش پێوەندیم لەگەڵ یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بە حەقیقەت هیچ تەشکیلاتێك روون و بەرچاو نەبوو کە ئەو خاڵانەی هەبێ، بەڵام دیتم ئاوات و ئارەزوەکانی چەندین و چەند ساڵەی من لە ڕێبازی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستاندایە. هەر بەو بۆنەوە بەو نەتیجە گەیشتم کە جێگای ساڵیانی من کە بە دوایدا دەگەڕام یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانە و هێلانەی حەقیقی من ئێرەیە. بەو بوونەوە هەڵمبژارد کە دەتوانم لە تەنیشتی ئاڵای کوردستاندا، لەتەنیشتی ئاڵای یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستاندا هونەری شۆڕشگێڕانەی خۆم بەڕێوە بەرم.

* ئایا ئیستا خۆتان بە پێشمەرگە دەزانن؟

عەلی زەندی: من لەو دەمەوە هاتوومەتە ریزی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان پێمۆایە لیاقەت پێشمەرگایەتیم نەبێ، بەڵام هەر ئەوەی کە شان بە شانی ئەو خۆشەویستانە کە چەك لە شانن و ئەو ئازیزانە کە قەڵەم بە دەستن و بە پەندی پێشینیان کە دەڵێ: یەك بە دەنگ و یەك بەڕەنگ، بەش بە حاڵی خۆم ئەگەر لیاقەتی ئەوەم نەبێ بتوانم پێشمەرگە بم، بەڵام بە شانازی دەزانم کە لە تەنیشتی پێشمەرگەدا ئەژیم و هیوادارم بتوانم ڕۆژێك شایانی ئەوە بم و بە شانازی دەزانم کە بە سەر شانی پێشمەرگەی یەکێتی شۆڕشگێڕانەوە، ئاڵای کوردستان لە سەر تابوتم بێت و بە خاکم بسپێرن.

* یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە روانگەی جەنابتانەوە؟

= عەلی زەندی: من موقابلەیەکم لە تەك برادەر کاك نیاز نوری لە کەناڵی ئاسمانی کوردساتدا هەبوو. پرسیارێکی لە من کرد. منیش لە وڵام پرسیارەکەیەوە گوتم ئێمە ئەگەر وەکو خۆمان نەبین ناتوانین هەبین.

گەورەی مۆسیقی وتەیەکی زۆر جوانی هەیە دەڵێی: گەورەترین و مەزنترین هەست و ئیحساسی هەر مرۆڤێك، لە زمانی دایکیدایە. ئێمە ئەگەر لە کولتووری خۆمان دوور کەوینەوە ون دەبین! ئێمە ئەگەر وەکوو خۆمان نەبین بەڕاستی ناتوانین هەبین. ئەمن لە دەورانی منداڵییەو ئەو ئاواتم هەبوو کە وەکوو خۆم بم، وەك خۆم بەو مانایە کە دەبێ لە خاکی خۆم بم ئاڵای خۆمم هەبێ، بە زمانی خۆم بنووسم بە زمانی خۆم بخوێنم. ئەوانە لە دەوانی منداڵییەوە لە نێو بیری مندا بوو، لە ئەفکار و مێشکی مندا بوو. بەختەوەرانە یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان تەواوی ئاوات و ئارەزوەکانی چەند ساڵەی منی تێیدایە. هەر بەو بوونەوە لە دیدگای منەوە داهاتوویەکی یەکجار درەخشان و ڕۆناکی دەبێ بۆ ئەوەی لە نەتەوەکەی خۆی دوور نەکەوتووەتەوە و وەکوو خۆیەتی. من ئاوا دەیناسم و دڵنیام سەر دەکەوێ! و گوتم بە وتەی کاك حسەین یەزدانپەنا کە لە هەر کوێیەك کوردێك هەبێ لەوێش ئاڵای ئێمە هەیە. وەئەوەی لە موقابلەی کوردستاتدا کوتوومە و دیارە لە ڕوانگەی منەوە بۆ خۆم بە باشی دەبینم.